## هةبووني "فيمينيزمي كورد" لة ناو جوولآنةوةي ذنان دا ... نووسيني ئةحمةدي خؤراساني .. وةرطيَراني شيرين جيهاني

کۆمەڵە باسەکانی "جیاواز" لە بوارەکانی فێمێنیستی دا، لە دوو ڕوانگە گشتییەوە سەیر دەکرێن؛ یەکەمیان جیاوازی جنسیەتی ژن و پیاوە لە گەڵ یەکتر کە ئەمەش پەیوەندی بە چەوسانەوەی جنسیەتی و بێ بەش کردی ژنان لە ناو کۆمەڵگا دا هەیە و دویەمینیش جیاوازی خوودی ژنانە لە گەڵ یەکتر....

جیاوازی ژنان و پیاوان لەم ڕوانینەوە سەرچاوە دەگرێت کە ژنان لە هەر چین و توێژ و نەتەوە و گرووپێک... لە بەراوەرد کردن لە گەڵ پیاوانی هاوچین، هاو نەتەوە، هاو گرووپ، لە هەل و مەرجێکی نالەبارتر دا ژیان دەکەن. ژوومارەیەکی زۆر لە فێمینیستەکان بە ڕەخنە گرتن لەو جیاوازیانە کە ڕیشەیان لە سیستەمی پیاو سالاری جڤاک دا هەیە، ئەم ڕاستیە پێش دەخەن. بۆ وێنە " میشێل زێرالدۆ " (مرۆڤ ناس و فێمێنیستی ئامەریکایی) لە سەر ئەو باوەڕەیە کە لە هەموو شوێنێکی (جیهان) دا، ژنان بە چوارچێوەی ماڵ و پیاوان بە هەرێمە گشتیەکانی کۆمەڵ گرێ دەدەن! ئەمەش وەک بنگەیەک خۆی لە خۆی دا بچووک دیتنی ناونەتەوەیی ژنان نیشان دەدات! هەروەتر " نانسی چێدرا " (کۆمەڵ ناسی ئامەریکایی) ئەم تەوەرەیە پێش دەخات کە؛ لە هەموو شوێنێکی جیهان، قەبووڵ کردنی ژنان و پیاوان لە ناو کۆمەڵگا دا، لە ڕووی جیاوازیەوە پێک دێت!
لە ڕاستی دا جیاوازیەکانی جنسی بووەتە هۆی جیاوازی مافەکان و جیاوازی لە بەخشینی دەرفەت و شتی لەم جۆرە... بەڵام ئەمە تەنیا ڕوویەکی ئەم واتایەی جیاوازییە!

" جیهانی بوونی مافی ژنان " و ئەو بڕوایەی کە دەڵێت، تەواوی ژنان، لە هەر چین و توێژ و دەستە و ئایین و ڕەگەز و نەتەوە و زمان و ویستێکی جنسیەوە، خاوەنی کۆمەڵێک گرفتی هاوبەشن، کە ئەم یەکەش زیادتر لە سی ساڵە بە شێوەیەکی بەردەوام و جیددی لە لایەن فێمێنیستەکانەوە لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێت.

لە ڕاستی دا هەرچەند کە فێمێنیستەکان لایان وایە ئەم سیستەمە (باڵادەست–ژێردەستی) یە لە نێوان تەواوی ژنان و پیاوان دا لە هەموو شوێنێکی جیهان هەبوونی هەیە، بەڵام هاوکات لە سەر ئەو بڕوایەشن کە شکڵ و شێواز و ڕادەی کاریگەری ئەم سیستەمە، لە گۆڕ هەل و مەرجی کات و شوێن (زمان – مکان)، ڕەگەز، نەتەوە، ئایین و... هتد، ژنان لە یەکتر جیاواز دەکات و هەر بۆیەش ژیانی ژنان لە ناو ئەم سیستەمە کلاسیک و پیاو سالارانەیە دا، بە باڵانسی جۆراو جۆرەوە، کاریگەری دەکرێتە سەر...

ئەم دوو جیاوازیانەی لە سەرەوە بسمان لێوە کردن، واتا جیاوازی جنسییەتی و جیاوازی ژنان لە گەڵ خۆیان دا، بنگەیەکی بیۆلۆژیکی نییە. بەڵکوو تەوەرەیەکی گرێ دراوی پرسەکانی سیاسی، ئیدیۆلۆژیک و ئابوورییە. واتا ئەم نابەرابەرییە لە چەمکی " هێز " و " دەسهەڵات " سەرچاوەی گرتووە. هەڵبەت ئەم جیاوازییە لە هێز دا، دەتوانێ بە ویست یان بە بێ ویست بە ئەنجام پێک هاتبێت. یان وەک " جەین الشتاین " فەیلەسۆفی ئامەریکایی پێی دەڵێت؛ هێزی بە ئەنقەست یان بێ ئەنقەست ". لە ڕاستی دا کاتێک باس لە جیاوازی یان بێ بەش کردن و چەوساندنەوەی ژنان و پیاوان دێتە ئاراوە، ڕەنگە پیاو وەک هێزێکی بە ئەنقەست، بۆ وەرگرتنی دەسهەڵاتێکی کە کۆمەڵگا تەنیا بە هۆی پیاوبوون پێی بەخشیوە، بێتە بەر چاو. بەڵام پیاوەکان بە گشتی بە شێوازێکی بێ ئەنقەست لە ناو کۆمەڵگا دا خاوەنی گەلێک پوەن و دەرفەتن کە تەنانەت ئەگەر کەڵکیشیان لێ وەرنەگرن دیسانیش خاوەنی هەل و

مەرجێکی ئێجگار باشترن لە ژنان – ئەو ژنانەی کە بە هۆی جنسییەتیان ئەم هێزەیان لێ وەرگیراوە - بەڵام ئەم پوەن و دەرفەتانەی کۆمەڵگا تەنیا پێوەندی بە جنسییەتەوە نییە و هێندێک پوەن و دەرفەتی دیکەش هەن کە بە گرووپەکانی جیاوازی کۆمەڵگا دەدرێت. بۆ وێنە مەسەلەی نەتەوەکانی جۆراوجۆری ئێرانی و لەم نێوەش دا کوردەکان، لەم تەوەرە دا جێ دەگرێت. بە هۆی زاڵ بوونی یاسا و سوننەتەکان و بیر و بۆچوونی بەربڵاو لە ناو دەوڵەت و سانترال بوون و ناوەند خوازی هێزی حاکم، فارس وەک نەتەوەیەکی زاڵ (بە ژن و پیاوەوە) لە ناو ئێران دا لە بەراورد لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە خاوەنی گەلێک پوەن و دەرفەتی زۆرترن. (ئەگەر چی لە ڕوانگەی ئێمەی فێمێنیستی فارسەوە، ڕەنگە ئەم بابەتە بە هۆی بێ ئەنقەست ئەم دەرفەت و پوەنانەمان بۆ ڕەخساە، بەڵام بە هەر حاڵ لە ناو ئەمسیستەمە دا بە جۆرێک شەریکایەتیمان هەیە و سوودی لێ وەردەگرین. ) یان ئەوەی کە شیعە مەزەبەکان - بە ئەنقەست یان بێ ئەنقەست – بە سەر مەزەبەکانی دیکە دا زاڵن، کە ئەمەش بە هۆی یاسا و ڕاهاتن و سوننەتەوە پێک هاتووە. هەر بەم شێوازەش دەتوانین بۆ گرووپەکانی چینایەتی، گرووپەکانی خاوەنی ویستی جیاوازی جنسی و گرووپەکانی ئایینی و زمانی و زاراوەیی جیاواز ئاماژە بکەین.

لە ڕاستی دا لە ڕوانگەی فێمێنیستێکەوە، هەل و مەرجی جۆرو جۆری ژنن لە جڤالکی جۆراو جۆر دا، لە گەڵ ئازموونەکانی تاکە کەسی ژنان لە کات و شوێنی جیاواز دا، گرینگیەکەی لەمە دایە کە فێمێنیزم بە شێوەیەکی گشتی بنگەی خۆی لە ناسین و پەسەند کردنی ئەم جیاوازییانە وەردەگرێت و بەمەش دەتوانێ زۆرتر پەرە بستێنێ. جووڵانەوەی فێمێنیستی لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە لە سەرتاسەری جیهان دا ڕستەی " مرۆڤی گلۆبال " دەخاتە بەر ڕەخنە و پرسیارەوە. واتا ئەندێشە و ڕامنی فێمێنیستی، ئەم پرسیارە دەخاتە بە دەم کۆمەڵگاوە کە؛ " بۆ چی دەبێ بۆ وێنە لە شۆڕەشی فەڕانسە دا، کاتێک وشەی مرۆڤ بە کار دێت، ئەم وشەیە تەنیا " پیاوان " دەگرێتەوە!؟ لە ڕاستی دا ئەندێشەکانی فێمێنیستی بە ناساندن و ڕەخنە گرتن لە یەکەمین جیاوازی لە تاریف کردنی مرۆڤ لەم سەردەمە دا، واتا جیاوازی جنسییەتی، هەوێنی بەسترا و ئەمە دەستپێکی مافخوازی ژنان و گۆڕینی بەربڵاوی تاریفی مرۆڤ لە " پیاوی گلۆبال " بۆ " ژن و پیاوی گلۆبال " بوو.

لە گەڵ پەرە هەستاندنی مافخازی ژنان و هاتنە مەیدانی ژنان لە هەموو چین و توێژ و ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و بیر و بۆچوونی جیاوازی جنسییەوە، هێدی هێدی جیاوازیەکان پەرەیان گرت و تاریفی " مرۆڤی خاوەنی ماف " واتایەکی فراوانتری وەدەست هێنا و لە ڕاستی دا فۆڕمێکی مرۆڤانەتری بە خۆیەوە گرت. لەم نێوە دا، هەرچەندی ژنان دەستکەوتی زۆرتریان وەدەست هێنا و هەبوونی سەربەخۆی خۆیان بە سەر کۆمەڵگا دا سەپاند، هەر بەو ڕادەیەش فێمینیستی جۆراو جۆر پێک هاتن و کار گەیشتە قۆناغێک کە فێمێنیزم لە ئازموونی تاکەکەسی ژنێک دا خۆی بەربڵاو کردەوە. بەم شێوەیە فێمێنیزم نە تەنیا بەرفرە بوونی لە ناو جڤاک دا پەرە پێدا، بەڵکو خۆیشی بنیاد ناوە و ڕەنگی جۆراو جۆرتریشی بە خۆیەوە بینی. لە ڕاستی دا بەربڵاوی ڕۆژانەی " جیاوازیەکان " لە ناو ئەندێشە و ڕامانی فێمێنیستی دا، هەر بەو شێوەیەی کە بلە ناو هەموو مرۆڤایەتی نەرم بوون و دەرفەت و هەل و مەرجی باشتر و مرۆڤانەتری خووڵقاند، خۆیشی بەرفرەتر و ڕەنگین تر کردووە.

پایە و بناغەی ئەندێشەی فێمێنیستی لە گەڵ یەکەمین شەپۆلەکانی دەست پێکردنیەوە، لە سەر ئەساسی " ناسینی جیاوازیەکان " و بردنە ژێر پرسیاری ئەم جیاوازیانە، پێک هاتووە، جا ئەگەر ئەمە لە کاتی پێداگری کردن لە سەر جیاوازییەکانی جنسییەتی بووبێت، یان ئەگەر لە پڕۆسەی تەواو بوونی خۆی، جیاوازیەکانی چینایەتی، ڕەگەزی، ئایینی، نەتەوەیی و بیر و بۆچوونەکانی جۆراو جۆری جنسی

ژنانی هێنابێتە ئاراوە و فێمێنیزمی ڕەش، فێمێنیزمی مەسیحی، فێمێنیزمی ڕەنگین، فێمێنیزمی لێزبین و... هتد پێک هاتووە.

ئەگەر فێمێنیزمی ڕەش بە هۆی ڕەخنە گرتن لە ڕەگەز پەرەستی حاکم بە سەر وڵاتە یەک گرتووەکانی ئامەریکا دا پێک هات، ئەوا توانی فێمێنیزم بەرەو ئینسانیتر بوون هان بدات، یان ئەگەر ویستەکانی چینی کرێکار توانیویەتی داخوازییەکانی فێمێنیستی قووڵتر بکات، یان فێمێنیزمی مەسیحی بەشێک لە ژنانی مەسیحی بەرەو هێندێک لە داخوازیەکانی ژنانەیان پەلکێش کردووە و هەروەتر ئەگەر فێمێنیزمی ڕەنگین توانیویەتی ژنانی کۆچبەر لە وڵاتەکانی جۆراوجۆری جیهانی سێیەم کە هەرگیز " هاووڵاتی " یەکتر نەبوون، لە دەوری یەکتر کۆ کاتەوە و پتانسیەلی ڕادیکاڵی جووڵانەوەی فێمێنیستیان پێ ببەخشێ، بێ گوومان لە وڵاتی ئێمەش دا گرووپەکان ژنان لە هەر چین و توێژ و ئایین و نەتەوە و زمانێک و... هتد، دەتوانن فێمێنیزم و جووڵانەوەی ژنان لە ئێران دەوڵەمەندتر بکەن. کەوابوو هاتنە ئارای " فێمێنیزمی کوردی " و بەرجەستە بوونی خواستەکانی ژنانی کورد و ڕێخستنی ئیستراتێژیکی جووڵانەوەی مافخوازانەی ئەوان، هەر بە ئەندازەی فێمێنیزمی ڕەش، یان فێمێنیزمی ڕەنگین (کە ڕۆڵی هەبوو لە نەرم کردنەوەی فێمێنیزم لە ئامەریکا دا) دەتوانێ لە ئێران دا، نە تەنیا بۆ ژنانی کورد بە سوود و قازانج بێت، بەڵکوو یارمەتیدەرێکە بۆ پەرەگرتنی پلۆڕالیزم و نەرم کردنەوەی " فێمێنیزم " ی ئەمڕۆکەی ئێران.

ڕەنگە کەمترین قازانجی ئەم ڕەوتە ئەوە بێت کە جووڵانەوەی ژنان لە ژێر دەستی تاک خوازانە و زاڵی ژنانی چینی ناوەڕاست و نەتەوەی حاکمی فارس دەربخات و دەرفەت و هەل و مەرجی تازەتر بۆ مەسایلی گۆشەگیر کراو و پێویستیەکانی دیکەی ژنانی ئێرانی (بە کورد و تورک و بەلووچ و عەرەب و... ) بخووڵقێنێ و ئەمەش لە ڕەوتێکی دێمۆکراتیک و بەرفرە دا ببیسترێ. بێ گوومان یەک بوونی ڕاستەقینە، نە ئەو یەک بوونەی بە سەر دا دەسەپێندرێت، تەنیا کاتێک دەتوانێ شکڵ بگرێت کە هەل و مەرج بۆ وەرگرتنی ئەم بەرفرە بوونە برەخسێت. هەر بەم شێوەیەی کە پیاوەکانیش بە مەرجی پەسەند کردنی ویسەتانی ژنان و هەوڵ دانیان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە وەکوو داخوازییەکی گشتی، بە خووڵقاندنی هەل و مەرجێکی بەرفرە، جووڵانەوەی دێمۆکراتیک بەربڵاوتر دەکەنەوە.